


ئەم نامیلکەیە : مەزنتریت چوار ڕاستی تێدایە لە
پەتووکی پارسا
زانین و باوەڕهێنان بەم چوار ڕاستییە لەگەڵ خودا
ئاشتت دەکاتەوە...
زانینت دەداتێ دەربارەی ...
خۆشویستنەکەی ئەو بۆ تۆ ... چی لە ئەو دوورت
دەخاتەوە؟.. چی لە ئەو نزیکت دەکاتەوە؟..
پەسەندکردن بەدەست خۆتە

هەروەکو چۆن بنەمای سروشتی هەیە جیهانی مادی بەڕێوە دەبات ، بەهەمان شێوەش بنەمای ڕۆحی هەیە پەیوەندی تۆ لەگەڵ خودا ڕێك دەخات .

## یەکەم بنەما :

## خودا تۆی خۆش دەوێت و پلانێکی ناوازەی بۆ ژیانی تۆ هەیە .

سەبارەت بە خۆشویستنی خودا ، کتێبی پارسا دەفەرمووێ :

چونکە خودا وەها جیهانی خوشویست تەنانەت تاقە ڕۆڵەکەی خۆی بەختکرد ، هەتا هەموو ئەوانەی باوەڕی پێدەکەن لەناو نەچن ، بەڵکو ژیانی جاویدانی بەدەست بهێنن... ( یۆحەنا ٣ : ١٦ ) .سەبارەت بە پلانەکەی خودا ، مەسیح دەفەرمووێ :

من هاتووم هەتا ئەوان ژیانیان هەبێ ، بەڵکو باشتریان بۆ ببێت...( یۆحەنا١٠ : ١٠ ) .

( ژیانێکی تێر و بەئامانج )

بۆچی زۆربەی خەڵکی شارەزای ئەم ژیانی باشترە نین ؟

خودا پارسایە و مرۆڤ گوناهبار . نێوانێكی ئیجگار زۆر لە نێوانیاندا هەیە . لەم وێنەیە ئاماژەكان نیشا نمان دەدات چۆن مرۆڤ بە كۆششی خۆی بەردەوام هەوڵ دەدات بۆ ئەوەی بگات بە خودا و ژیانی باشتریی : بە كردەوەی چاك و ڕەوشت بەرزی و فەلسەفە و ... هتد. بەڵام هەوڵەكانی بێ هودەیە .

خودای پارسا




مرۆڤی گوناهبار

ئایا سێیەم بنەما چارەسەریمان دەداتێ؟

## سێهەم بنەما :

## عیسای مەسیح تاکە چارەسەری خودایانەیە بۆ گوناهباریەتی مرۆڤ ، تەنها بە هۆی ئەوەوە دەتوانیت لە خۆشویستنی خودا و ئەو پلانەی کە بۆ ژیانی تۆی داناوە بزانیت یان شارەزای بیت .

**لە دایکبوونە سەمەرەکەی :**

مەسیح باوکی ئادەمیزادیی نەبوو ، چونکە بە هێزی ڕۆحی پارساو هاتە نێو سکی مەریەمی پاکیزە ، لەبەر ئەمە بە ڕۆڵەی خودا ناوزەند کرا .

مەریەم بە فریشتەکەی فەرموو : " چۆن ئەوە دەبێت ؟ من هیچ پیاوێکم نەناسیوە ؟ " فریشتەکە وەڵامی دایەوە و پێی فەرموو : " ڕۆحی پارسا بەسەرتدا ئاوێتە دەبێ و هێزی خودا سایەی سەرت دەبێت . هەر لەبەر ئەمەش ئەو پارسایەی لە تۆ دەبێت بە ڕۆڵەی خودا بانگ دەکرێت " ( لۆقا ١ : ٣٤-٣٥ ) .

**له جیاتی ئێمه مرد :**

**لەو کاتەی ئیبراهیم خەریك بوو ڕۆڵەکەی بکاته قوربانی بۆ خودا ، خودا به بەرانێکی سەرسامگەر فدیەکەی له جیاتی ڕۆڵەکەی ئیبراهیمی باوکمان دا ، هەروەها بە هەمان شێوەش خودا به بەرانێکی مەزن فدیەی له جیاتی هەموو جیهان دا ، بەعیسای مەسیح ، ئەوەی له جیاتی ئێمه مرد تاکو گوناهەکانمان لەسەر لاببات .**

**وەکو کتێبی پارسا پێمان دەفەرمووێت له**

**( یۆحەنا ۱: ۲۹ ) ڕۆژی دوای ئەوە یۆحەنای لەئاوهەڵکێش عیسای بینی وا بەرەو ڕووی ئەو دێت و فەرمووی : " ئا ئەوەتا بەرخی خودا ، ئەوەی گوناهی جیهان هەڵدەگرێت .**

**( ڕۆما ٥: ٨ ) بەڵام خودا خۆشویستنی خۆی بۆ دەرخستین ، بەوەی مەسیح له پێناوی ئێمەدا مرد ، لەوکاتەی هێشتا ئێمه گوناهبار بووین .**

**له مردن هەستایەوە :**

**مەسیح له پێناوی گوناهەکانمان مرد بە گوێرەی " کتێبەکان " ، نێژراو له ڕۆژی سێیەم هەستایەوە بەگوێرەی " کتێبەکان " ، ئینجا بۆ پەترۆس و دواتر بۆ دوانزە قوتابییەکە دەرکەوت ، پاشان بۆ زیاتر له پێنج سەد کەس له برایان دەرکەوت ... ( ۱کۆرنتۆس۱٥: ۳-٦ ) .**


**مەسیح تاکە ڕێگایە :**

**عیسا فەرمووی : " منم ڕێگا و ڕاستی و ژیان . کەس بۆ لای باوك نایەت بە هۆی منەوە نەبێت ".**

**(یۆحەنا١٤: ٦ ) .**

**خودا لەو پانتاییەی پەڕیەوە کە ئێمەی لەو دابڕاندبوو و پردێکی لەسەر دانا ، بە ناردنی عیسای مەسیح تاکو لە جیاتی ئێمە لەسەر خاچ بمرێت .**

**خودای پارسا**




**مرۆڤی گوناهبار**

**تەنها زانین و باوەڕهێنان بەم سێ بنەمایانە بەس نییە**

## چوارەم بنەما :

**پێویستە لەسەر هەریەك لە ئێمە عیسای مەسیح قبووڵ بكات وەكو پەروەردگار و ڕزگاریدەر و سەروەر بۆ خۆی . ئەوكاتە دەزانین و شارەزای خۆشویستنی خودا و ئەو پلانە دەبین كە بۆ ژیانی ئێمەی داناوە .**

**دەبێ مەسیح قبووڵ بكەین :**

هەموو ئەوانەی قبووڵیان كرد ، ئەوانەی باوەڕیان هێنا ، دەسەلاتی پێدان ببن بە ڕۆڵەی خودا .

( یۆحەنا١ : ١٢ ) .

**ئێمە بە باوەڕ مەسیح قبووڵ دەكەین :**

خودا بە بەخشش بەهۆی باوەڕتان ڕزگاری كردن ، ئەمەش بە هەوڵی خۆتان نەبوو ، بەڵكو دیاریی خودا بوو ، بەهۆی كردەوە نەبوو ، تا هیچ كەس شانازی پێوە نەكات .

( ئەفەسۆس٢ : ٨-٩ ) .

دەبێ بەبانگێشتی خودی خۆم مەسیح قبووڵ بكەم :

عیسای مەسیحی پەروەردگار لە (بینین ٣ : ٢٠) دەفەرمووێ :

**ئەوەتا من لەبەر دەرگا وەستاوم و لەدەرگا دەدەم، گەر یەكێك گوێی لە دەنگم بوو و دەرگای لێ كردمەوە، دێمە** لای قبووڵكردنی مەسیح گۆڕانكارییەكە لە خودەوە بۆ خودا ، بەو متمانەیەی كە مەسیح دێتە نێو ژیانمان و گوناهەكانمان دەبەخشێت و بە شێوەیەك دەمانگۆڕێت وەكو ئەوەی ئەو دەیەوێ ... تەنها باوەڕكردن بە مێشك یاخود شارەزایی هەست ونەست بە فەرموودەكانی مەسیح بەس نییە .

**ئەم دوو بازنەیە ئاماژەیە بە دوو جۆر ژیان**




ژیانێك **خود** خاوەنداریەتی دەكات

مەسیح لە دەرەوەی دڵە

من ( خ ) و خود ویستی لەسەر تەختە

ژیانێك مەسیح خاوەنداریەتی دەكات




**مەسیح** لەسەر تەختە

خود ( خ ) لەسەر

**كام بازنە ئاماژەیە بۆ ژیانی تۆ ؟ دەتەوێ كام بازنە ئاماژە بێ بۆ ژیانی تۆ ؟**

## چۆن دەتوانیت مەسیح قبووڵ بکەیت :

هەر ئێستا دەتوانیت مەسیح قبووڵ بکەیت ، ئەویش بە نوێژکردن و متمانەبوون بە خودا . ( نوێژ قسەکردنە لەگەڵ خودا ) . خودا دەزانێت دڵت چی تێدایە و ئەو زمانەی بەکاری دەهێنیت لای ئەو گرنگ نیە بە ئەندازەی دڵسۆزییەکەت . ئەم نوێژەت بۆ پێشنیار دەکەین :

ئەی عیسای پەروەردگار .. دان پێدا دەنێم کە من مرۆڤێکی گوناهبارم . گوناهەکانم ببەخشە . من دەرگای دڵم بۆ تۆ دەکەمەوە و قبووڵت دەکەم وەکو ڕزگاریدەر و سەروەری خۆم .. لەسەر تەختی ژیانم دانیشە و بمکە بەو مرۆڤەی تۆ دەتەوێ .. سوپاست دەکەم لە پێناو ئەوەی گوێت لە نوێژەکەم گرت .. ئامین .

## ئایا ئەم نوێژە گوزارشت لەخواستی دڵت دەکا ؟

ئەگەر وەڵامەکەت بەڵێ بوو .. هەر ئێستا ئەم نوێژە بکە و مەسیح دێتە نێو دڵت وەکو ئەوەی بەڵێنی داوە .

## چۆن دەزانیت مەسیح هاتۆتە نێو ژیانت ؟

ئایا مەسیحت قبووڵ کرد لەژیانی خۆت ؟ بە پێی بەڵێنەکەی مەسیح لە ( بینین٣ : ٢٠ ) ئێستا مەسیح سەبارەت بە ژیانی تۆ لە کوێیە ؟ عیسا بەڵێنی داوە بێتە نێو دڵت ، ئایا ئەو فێڵت لەگەڵدا دەکات ؟ لەسەر چ بنچینەیەك دڵنیا دەبیت کەوا خودا وەڵامی نوێژەکەی تۆی داوەتەوە ؟ لەسەر بنچینەی ئەمینداریەتی خودا و ڕاستی ووشەکەی.

## کتێبی پارسا بەڵێنی بە ژیانی جاویدانی دەدات بۆ هەموو ئەوانەی مەسیح قبووڵ دەکەن .

ئا ئەمەش بڕوانامەکەیە ، خودا ژیانی جاویدانی پێداوین و ئەو ژیانەش لەڕۆڵەکەیەتی . ئەوەی ڕۆڵەکەی هەبێت ژیانی دەبێت و ئەوەی ڕۆڵەکەی خوداشی نەبێت ، ژیانی بۆ نییە . ئەمەم بۆ ئێوە نووسی ، ئێوەی باوەڕتان هێناوە بە ڕۆڵەکەی خودا ، تاکو بزانن ژیانی جاویدانیتان هەیە .

( ١یۆحەنا٥ : ١١–١٣ ) .

بە پێی ئەم ئایەتە خودا چی پێمان داوە ؟ ئەم ژیانە لە کوێیە ؟ ئایا تۆ ڕۆڵەکەت هەیە ؟ ئەگەر ڕۆڵەکەت هەبێت چی دیکەشت هەیە ؟

به پێی ئەم بەڵێنە دەتوانیت متمانەت هەبێت کە مەسیح لە نێو تۆ دایە و ژیانی جاویدانیت هەیە لەو کاتەی مەسیحت بانگێشتە کرد بێتە نێو دڵت ، ئەو فێڵت لەگەڵدا ناکات .
هەمیشە سوپاسی خودا بکە چونکە پەروەردگار عیسای مەسیح لە ژیانی تۆدایە و فەرموویەتی :

## ... پشتگوێت ناخەم و بەجێت ناهێڵم ...

( عیبرانیەکان١٣: ٥ )

ئایا مەسیح بەجێت دەهێڵێت دوای ئەوەی قبووڵت کرد ؟
ئەگەر مەسیح بەجێت نەهێڵێت ، چەند جار پێویستیت بەوە هەیە بانگێشتی بکەیت تاکو بێتە نێو ژیانت ؟

## ئەی سەبارەت بە هەست ونەست چۆن ؟

پشت بە هەست مەبەستە . بنچینەی ڕزگاربوون بەڵێنی خودایە لە ووشەکەی نەك بە هەستی خۆت . باوەڕهێن بە باوەڕ ( متمانە ) دەژیت لە سەرڕاستی خودا و ڕاستی ووشەکەی .

**( ١ ) ڕاستی . ( فارِغۆنی جوولێنەر ) : ئاماژەیە بە خودا و ووشەکەی . ئەو هێزەیە کە ژیا نمان دەجوولێنێت .**

**( ٢ ) باوەڕ . ( فارِغۆنی سوتەمەنی ) : متمانە بە خودا و ووشەکەیەتی .**

**( ٣ ) هەست . ( فارِغۆنی سەرنشینەکان ) : ئەگەر هەبێت یان نا شتێکی بنچینەیی نییە .**

**شەمەندەفەرەکە دەتوانێت بە فارِغۆنی سەرنشینەکان یاخود بێ ئەو هەر ڕێ بکات . بەلام نەفامییە گەر هەوڵی ڕاکێشانی شەمەندەفەرەکە بدرێت بە فارِغۆنی سەرنشینەکان . ئێمەش بەهەمان شێوە پشت بە هەست و نەست نابەستین ، بەڵکو بە متمانەمان دەخەینە سەر خودا و ڕاستی بەڵێنەکانی ووشە پارساکەی .**



**بەلام ئێستا کە مەسیحت قبووڵ کرد ... زۆر شتت لەلا ڕوودەدا :**

* **مەسیح هاتە نێو دڵت** . ( **بینین٣ : ٢٠** ) .

* **گوناهەکانت بەخشران** . ( **کۆلۆسی١ : ١٤** ) .

* **بوویت بە ڕۆڵەی خودا** . ( **یۆحەنا١ : ١٢** ) .

* **ڕۆحی پارسا لە نێو تۆدا نیشتەجێ بوو** . ( **١کۆرنتۆس٣ : ١٦** ) .

* **بوویت بە بوونەوەرێکی نوێ لە عیسای مەسیحدا** . ( **٢کۆرنتۆس٥ : ١٧** ) .

**دوای ئەوەی ئەم شتانەت زانی کە خودا پێتی بەخشیوە ، هیچ شتێك لە قبووڵکردنی مەسیح مەزنتر هەیە ؟ ڕات چییە ئێستا سوپاسی خودا بکەیت لە پێناو ئەو شتانەی لە پێناوی تۆدا کردوویەتی ؟ سوپاسکردنی خودا هەر خۆی بەڵگەی باوەڕهێنانی تۆیە .**

**دوای ئەمە چــی دیکە ؟**

## چۆن گەشە دەکەیت لەو پەیوەندیەی لەگەڵ پەروەردگار عیسای مەسیح هەتە ؟

- هەموو ڕۆژێك بە نوێژکردن لە خودا نزیك بەوە : دەبێ لە نوێژکردن بەرداوام بن بەبێ بێزاربوون . (لۆقا١٨ : ١) .

- هەموو ڕۆژێك ووشەی خودا بخوێنەوە تاکو لە ناسینی مەسیح گەشە بکەیت : تاکو گەشە بکەن لە بەخشش و ناسینی پەروەردگار و ڕزگاریدەرمان عیسای مەسیح . (٢ پەترۆس٣ : ١٨) .

- گوێڕایەڵی خودا بە و کار بە ووشەکەی بکە : کار بە ووشەکە بکەن ، نەوەك تەنها گوێگری بن و خۆتان هەڵخەڵەتێنن . (یاقوب١ : ٢٢) .

- ڕێ بدەی ڕۆحی پارسا پێشەنگی ژیانت بکات و هێزت بداتێ بۆ ئەوەی لە ژیان و قسەکاندا گەواهی بۆ بدەیت : چونکە هەموو ئەوانەی ڕۆحی خودا ڕابەرایەتیان دەکات ، ئەوانە ڕۆڵەی خودان (ڕۆما٨ : ١٤) . ئێوە کاتێك ڕۆحی پارساتان بەسەردا ئاوێتە دەبێ هێز بەدەست دەهێنن و دەبن بە گەواهیدەر بۆ من . (کردارا : ٨) .

- لە هەموو بوارەکانی ژیانت متمانەت بەخودا هەبێت : هەموو خەمەکانتان بخەنە سەر ئەو ، چونکە ئەو بایەختان پێدەدات . (١ پەترۆس٥ : ٧) .

# لەکۆتاییدا .. گرنگی وارگە .. لەبیر نەکەیت ...

## گرنگی وارگە

زۆر گرنگە بچیتە پاڵ خەڵکی باوەڕدار ئەوانەی عیسای پەروەردگاریان قەبووڵ کردووە وەکو ڕزگاریدەرێکی خۆیان ، برۆ بۆ هەر وارگەیەك ( کەنیسە ) کە باوەڕدارانی لێیە و ووشەی خودایان خۆش دەوێ و گوێڕایەڵی دەبن ، پەیوەندی بە وارگەوە بکە و بەردەوام بە لەسەر کۆبوونەوەکانی .

**واز لەکۆبوونەوەکانتان مەهێنن ، هەروەك هەندێکتان لەسەری ڕاهاتوون ، بەڵکو یەکتری هان بدەن ..... ( عیبرانیەکان١٠: ٢٥ ) .**

کاتێك پشکۆکانی خەڵوز پێکەوەن گڕ دەگرن زیاتر دەگەشێنەوە ، گەر پشکۆییێکیان لێ جیا بکەیتەوە خێرا ئاگرەکەی دەکوژێتەوە ، بەهەمان شێوەش زۆر زەحمەتە خۆت بەتەنها ژیانێکی باوەڕدارانە بژی ، بە دوورە پەرێزی لەخوشك وبرای باوەڕدار .

**زۆر گرنگە ...**

ئێستا دەستت بە ژیانێکی نوێ کرد و پێویستیت بە یەکێك هەیە یارمەتیت بدات بۆ زانینی زیاتر لە ووشەی خودا و پەروەردگار عیسای مەسیح لەژیانە تازەکەت لەگەڵ ئەودا . بۆیە من دەتوانم یارمەتیت بدەم بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە لە میانەی خوێندنەوەی زنجیرە بەدواداچوونە ڕۆحیەکان ، کە داندراوە بۆ یارمەتیدانی باوەڕدارە نوێیەکان بۆ زانینی بنچینەکانی ژیانی نوێ لە عیسای مەسیحدا .

یەکەم ژوانمان بۆ خوێندنەوەی یەکەم بەدواداچوون ... لە :

ڕۆژی : ______________ ڕێککەوت : کات : ______________

شوێن : ______________

دەتوانیت پەیوەندیم پێوە بکەیت بەم ناونیشانە : ______________

تەلەفۆن : ______________